**هاوڕێکەم**

هاوڕێکەم هێندەی جوانیت

لەم دووریەوە بیرت ئەکەم

ئەو ساتەی ئاشنا بووم بەتۆ

هەڵوەری خەم

وەکو باران

وەفات بەسەر دڵما باراند

لەبەهاری ڕۆژەکانما

گەڵای نائومێدیت وەراند

وەك مۆم، کەڕۆشنایی

بەتاریکی شەو ئەبەخشێ

ڕاستگۆیەکت پێدام

کە بڕوا لەدڵم نەڕەنجێ

فێرت کردم کەهاوڕێ

بەس بۆ کاتی پێویست نییە

کەکەسێکی ئەبەدی بێ

لەگەڵتا قەت خۆویست نییە

ئەو ساتانە ڕازی دڵمت

بە ڕاستگۆیی لا باس ئەکەم

ڕازەکان کە دەیدرکێنم

ئارامی بەدڵم دەدەم

لەکاتە ناخۆشەکاندا

تۆ هاوبەشی خەمەکانمی

بۆیە ئەو ڕاستیە ئەڵێم

بۆ من سەرچاوەی ئارامی

لەگەڵمابە و جێم مەهێڵە

تەنیایی وەك تۆ جوان نییە

بێبوونی تۆ هیچ چرکەیەك

خۆشی لەنێو ژیانم بوونی نییە.

سوزی بابانی